حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

(ISO 9001:2015)

ژمارە: ٥٥٠٠ / ك
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

العدد:
التأريخ: ١٩ / ٢ / ٢٠٢٤

## بەیانی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠٢٤

## {بەیانی لێخۆشبوونی سزاکانی ڤیزە}

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :**

**ماددەی یەکەم :** لێخۆشبوون لە گشت پارێزەرو کۆمپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگە و ڤیزە و کۆمپانیاکانی دیکە ئەوانەی کۆدی ڤیزەیان ڕاگیراوە بەهۆی یەکلایی نەکردنەوەی چارەنووسی ئەو کەسە بیانییانەی کە لەسەر ناویان هاتوونەتە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (٥٠%) لەو بڕە پارانەی کە لەسەر کۆدیان کەڵەکەبووە .

**ماددەی دووەم :** پێویستە لەسەر گشت خاوەن کۆدەکان لەماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لەدەرچوونی ئەم بەیانە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ڤیزە بکەن لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی پێدانی ئەو بڕە پارانەی کە لەماددەی **(یەکەم)**ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە .

**ماددەی سێ یەم :** ئەگەر خاوەن ئەو کۆدانە دوای تێپەڕبوونی (٩٠) نەوەد ڕۆژ پاکانەی ئەو بڕە پارانەی کە لەماددەی **(یەکەم)**ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە نەکات ، ئەوا کۆدەکانیان بە شێوەی یەکجاری دادەخرێت و بڕی ئەو بارمتانەی کە بەرامبەر وەرگرتنی کۆد داناوە دەبێتە داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی هەرێم .

**ماددەی چوارەم :** خاوەن ئەو کۆدانەی ماددەی **(سێ یەم)**ی سەرەوە کە خۆیان یەکلایی نەکردەوە ئەوا دەنێردرێن بۆ ( **فەرمانگەی جێبەجێ کردن** ) لە وەزارەتی داد بە مەبەستی پێدانی جیاوازی لەنێوان ئەو بڕە پارانەی کە کراوە بە داهاتی کۆتایی کە لە ماددەی سێیەم ئاماژەی پێدراوە و ئەو بڕە پارەیەی کە لە گرێبەستی پێدانی کۆدی ڤیزە لە ئەستۆیان دەمێنێتەوە کە بۆ هەر کەسێکی بیانی کە چارەنووسی نادیارە پێویستە بڕی (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بدات .

**ماددەی پێنجەم :** خاوەن ئەو کۆدانەی کە بە پێی ئەم بەیانە خۆیان یەکلایی دەکەنەوە کۆدەکانیان ئاسایی دەکرێتەوە و دەتوانن کاری خۆیان دەست پێبکەنەوە و تەنیا بۆ یەکجار سوودمەند دەبن لەم لێخۆشبوونە . لە ئەگەری نادیاربوونی چارەنووسی کەسی بیانی کۆدەکانیان بەپێی ڕێنمایی ڕادەگیرێت .

**ماددەی شەشەم :** ئەو بڕە پارانەی کە لەم بەیانە ئاماژەی پێدراوە دەخرێنە سەر ئەژمێری تایبەت بە ڤیزە .

**ماددەی حەوتەم :** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە کۆدەکانیان تا (٢٠٢٣/١٢/٣١) ڕاگیرابوو و لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق [redacted] العنوان: إقليم كوردستان-العراق
ئیمەیل: info@moi.gov.krd [redacted] الهاتف: ٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
( ڕێبوار )
Address: Kurdistan Region-Iraq
www.moi.gov.krd
15/ 01/ 2024